# سەنتەر Senter

بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە کارو چالاکیەکانی YADCسەردانی ئەم سایتە بکەن .

Www.lawanikurd.com

ڕەخنەو پێشنیارەکانتان ئاراستەی بلاْو کراوەی سەنتەر بکەن لە ڕێگەی

yadc2001@yahoo.com

07702265253-07702137883

ژمارە(٨) ئەیلولی ٢٠٠٧ — بلاْوکراوەیەکە سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان دەریدەکات — No.(8)Spt. 2007


### سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان ڕۆژی جیهانی لاوان بەرز ڕادەگرێت

## بۆ یەکەمین جار YADC لە سلێمانی خەلاْتی لاو دەداتە لاوانی بەهرەمەند







**بەمەبەستی زیندوو ڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی لاوان و هاوشان لە گەلْ چالاکیەکانی وەرزی هاویندا وەك نەریتێکی سالاْنە لەو ڕۆژەدا YADCچەندچالاکیەکی ئەنجامدا .**

* خەلاْتکردنی (٥) لاوی سەرکەوتو لە بوارەکانی( هونەری و ڕۆژنامەنوسی و وەرزش و ئاینی) کە لە سەر ئاستی عێراق و نێودەولْەتی توانیویانە خەلاْتی یەکەم و دووەم لە بوارەکانی خۆیاندا بە دەست بهێنن، هەروەها خەلاْتکردنی (٥) لاو کە لە کۆرسەکانی سەنتەردا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە .

*کردنەوەی سایتی سەنتەر لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بە ستایلێکی نویْ و بە ناوێکی نوێوە WWW.LAWANIKURD.COM

*کرنەوەی پێشانگایەکی وێنەیی بۆ نمایشی چالاکیەکانی سەنتەر لە ماوەی سالێکدا .

* سازدانی گفتوگۆیەکی کراوە لە ژێرناونیشانی ( بۆ لاوان لە ولاْت هەلْدێن بۆهەرسیْ ڕۆشنبیری لاو (د . تیشکۆ ،یاسین عمر ،ئاوات عەبدولاْ) کە بە گفتوگۆیەکی بەشداربووان کۆتایی پێهات

*سازدانی ئێوارە کۆڕێکی شیعری بۆ (گۆران عباس ) ی شاعیر بە هاوکاری ژەنیاریبەتوانا ( دانا محییەدین ) لە گروپی میوزیکی سەنتەر.

*سازدانی وۆرك شۆپێك بۆ گروپی هاوڕێیانی کتێب لە بارەی (وشیارکردنەوەی لاوان لە مافەکانیان )بە سەرپەرشتی (دارا احمد.)

## YADCخولێکی NLPدەکاتەوە



*لە چوارچێوەی کۆرسە نەوعیەکانی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان خولێکی NLPلە بەرواری 2007/8/18-16 لە شاری سلێمانی کردەوە کە تیایدا ٥٠ لاوی کوڕوکچ بە شداربون کە زۆربەیان دەرچوانو خوێندکارانی زانکۆبوون بە مەبەستی ناسینی کەسایەتی و چۆنیەتی مامەلْەکردنو زالْبون بەسەر گرفتەکانداو چۆنیەتی متمانەبەخۆبون لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، شایانی باسە کۆرسەکە لە لایەن هەردوو ڕاهێنەری بە تواناو خاوەن بڕوانامەی نێودەولْەتی مامۆستا (ڕێبوار محمد امین و سۆلین عبدالحمید ) بەڕێوەچوو .

## بە بەشداری (١٠٠ ) لاو قۆناغی دووەمی پرۆژەی لاویسەرکردە جێبەجیْ کرا .




*لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پرۆژەی لاوی سەرکردە کە یە کێکە لە پرۆژەکانی YADCکە بەهاوکاری ڕێکخراوی NDIئەمریکی قۆناغی دووەمی ئەم پرۆژەیە لە شارەکانی ( ڕانیە وهەلْەبجەی شەهید و کەلار و چەمچەمالْ ) ئەنجامدرا کە تیایدا ٢٥ لاوی کوڕ وکچ لە هەرشارێکیاندا بە شداریان تێدا کردو چەندین وانە لە بواری پێگەیاندن و ڕاهێنان لەسەر چۆنێتی پێکهێنانی گروپ و سەرکردایەتی کردنی کارو بەڕێوەبردنی خودو پرۆسەی بەڕێوەبردن پێشکەشکرا لە کۆتایی پرۆژەکەدا لاوانی لاوانی هەر شارێك چەند گروپێکیان پێکهێنا لەوانە گروپی ((هاوڕێیانی قەلْەم ، مەحوی، هەژان، سەرنج، ...هتد))لە کۆتایدا بڕوانامە بەسەر بەشداربوواندا دابەشکرا و بڕیارە قۆناغی سێیەمی جێبەجێکردنی پرۆژەی لاوی سەرکردە بە سازدانی کۆنفرانسێك بێت و ڕێکخراوەکانی کۆمەلْگەی مەدەنی و نوێنەرانی دەزگا پەیوەندی دارەکان و کەسایەتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بانگێشت بکرێن .

## راسپاردەکانی کۆنفرانسی دووەمی YADC

پاش ئەوەی ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢ دووەمین کۆنفرانسی YADC ئەنجامدرا چەند راسپاردەو بەرەنجامێکی لێکەوتەوە کە پوختەکەی لەم چەند خالْەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

* زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی لە گەلْ (NGO)و دەزگا حکومی و کەسایەتیە خێرخوازیەکان بۆ دابینکردنی کۆمەك بۆ کاری سەنتەرەکان و سەرخستنی پرۆژەکان .

*کۆکردنەوەی لاوانی بەهرەمەند و بە گەڕخستنیان لە چوارچێوەی لیژنەی بەشەکاندا

*سازدانی فیستیڤالْی سالاْنە بۆ سەنتەرەکان لە سەرجەم بوارەکاندا و خەلاْتکردنی سەرکەوتووان.

*گرنگی دانی زیاتر بەلایەنی دەرونی و کۆمەلْناسی و بە دەمەوەچونی کێشەکانی لاوان و دانانی ڕاوێژکار لە هەر سەنتەرێکدا بۆ ئەوبوارە.

* بەردەوام بون لەسەرپاراستنی سەربەخۆیی و بێلایەنی سەنتەرەکان و کرانەوەی زیاتر و زەمینە سازکردن بۆ بە سروشتی تەماشاکردنی جیاوازیەکان .

* سود وەرگرتن لە تەواوی داهاتی خولەکانی سەنتەرو دانانی پلانی گونجاو بۆ پەرەپێدانی لایەنی دارایی و پشت بەخۆبەستن و کردنەوەی پرۆژەی بەرهەم هێن .

٨- گرنگی زیاتر بە ڕۆلْی کچان لەسەنتەرەکانداو بوار بۆ ڕەخساندنیان بۆ برەودان بە تواناکانیان .

* گەشەپێدانی زیاتر بە لایەنی ڕۆشنبیری و پێگەیاندنی لاوی بوێرو ئازاد و هۆشیار لە ڕێگەی پشتگیری کردنی گروپەکانەوە

*ڕەچاوکردنی واقیع و کارکردن لە چوارچێوەی گونجاوداو هەنگاو نان بە پێی هەلە ڕەخساوەکان ئەمەش بە واتای تەسلیم بوون بە بواری ناهەموار نەبێت کەڕێگە بگرێت لە داهێنانکاری و گۆڕان و نوێبونەوە .

*کارکردنی جدی لە بواری پرۆژە تایبەتیەکانی فراوانکردنی ئازادیەکان و بە مەدەنی کردنی کۆمەلْگاو چەسپاندنی دیموکراسیەت و نە هێشتنی گەندەلْی وداکۆکی کردن لە مافەکانی هاوولاْتی .

*کارکردنی بەردەوام لەسەر وشیاری لاوان و هاندانیان بۆ شانازی کردنیان بە شوناس و ئاین و کلتوری نەتەوەکەیان .

*کارکردن لەسەر کۆمەلْگا بەمەبەستی سڕینەوەی ئەو کۆتەکۆمەلاْیەتیانەی کە لەمپەرن لە بەردەم ڕەگەزی مێدا.

*سازدان و بەشداری کردن لە هەموو خۆپیشاندان و ڕێپێوانێکی یاسایی کە لە بەرژەوەندی لاواندا بێت .

*ڕوبەڕوبونەوەی ئەو شالاْوە ڕوخێنەرەی ڕوی لە لاوانی کوردستان کردووە بە تایبەتی لەبواری مادە بێهۆشکەرەکان .